# حەقیقەتی بەرپرسیارێتی

[ کردي – کوردی – kurdish ]


## وەفاء غنیمی موحەمەد غنیمی

**وەرگێڕانی: پشتیوان سابیر عەزیز**

**پێداچونەوەی: ئومێد عمر چرۆستانی**



2014 - 1436

IslamHouse.com

# حقيقة المسؤولية

« باللغة الكردية »

وفاء غنيمي محمد غنيمي

ترجمة: بشتيوان صابر عزيز

مراجعة: أوميد عمر علي

2014 - 1436

IslamHouse.com

# حەقیقەتی بەرپرسیارێتی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

**پێناسەی بەرپرسیارێتی:**

هەر حاڵەتێك یان سیفەتێك مرۆڤ بەرپرسیار بكات لە ئەنجامدانی، وەكو بوترێت: من بەریئم لە بەرپرسیارێتی ئەو كردەوەیە.

وە ماددەی ( سأل ) لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆز هاتوە بۆ نمونە:

١-خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِنْ قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ الْأَدْبَارَ وَكَانَ عَهْدُ اللَّهِ مَسْئُولًا ﴾ [الأحزاب :١٥ ].

واتا : بێگومان ئەوانە لەپێش ئەم (ڕووداوە) پەیمانیان بەخوا دابوو کە (لە غەزادا) پشت هەڵناکەن و ڕاناکەن وە پەیمانێ درا بە خوا (خاوەنەکەی) لێپرسراو دەبێ.

٢- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ۚ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا ﴾ [الإسراء :٣٦ ].

واتا : شوێن شتێ مەکەوە کە زانیاریت دەربارەی نییە بەڕاستی گوێ وچاو ودڵ هەموو ئەوانە (خاوەنیان) پرسیار لێکراوە.

٣- خوای گـــەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقِفُوهُمْ إِنَّهُمْ مَسْئُولُونَ ﴾ [الصافات :٢٤ ].

واتا : ئەوانە ڕاوەستێنن بێگومان پرسیاریان لێ دەکرێت.

هەروەها مادەی ( سأل ) لە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوادا هاتووە، بۆ نموونە:

عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) أَنَّهُ قَالَ: ( أَلَا كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا وَوَلَدِهِ، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَالْعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، أَلَا فَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ). [ متفق عليه ].

واتا : عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: ئاگاداربن کە هەمووتان چاودێر وشوانن، هەموشتان بەرپرسیارن لەژێر دەستەکانتان، کاربەدەستی خەڵکی شوانە وبەرپرسیارە لە ژێر دەستەکانی، پیاویش شوانی ماڵ وخێزانەکەیەتی وبەرپرسە لێیان، ئافرەتیش شوانی ماڵی مێردەکەی ومنداڵەکانیەتی وبەرپرسیشە لێیان، بەندە وکۆیلەش شوانە بەسەر ماڵی

گەورەکەیە وبەرپرسە لێی، دە ئاگاداربن هەمووتان شوانن، هەموویشتان بەرپرسن لە ژێر دەستەکانتان.

**بەرپرسیارێتی لە فیقهی ئیسلامیدا:**

زانایانی فیقهی ئیسلامی پێشوو ووشەی ( المسئولية ) یان بە کار نەهیناوە، بەڵام ووشە وزاراوەی تریان بە کار هێناوە، بۆ نمونە ئیمامی شافعی رەحمەتی خوای لێ بێت ووشەی ( **المأخوذية** ) بە کار هێناوە لە کاتی باس کردنی هەڵەی پزیشك وتەمبێ کردنی پێشەوا لەجیاتی مانای بەرپرسیارێتی، وەکو دەفەرموێت: " **فلا عقل ولا مأخوذية إن حسنت نيته**" بڕوانە : [الأم للإمام الشافعي بەرگی(٦) لاپەڕە (١٨٩)].

واتا: خوێنی کوژراوەکە ناکەوێتە سەر خزم وکەسوکارەکەی و بەرپرسیارێتیشی لەسەر نیە ئەگەر نیەتەکەی باش وچاك بێت.

وه ئـهم وشانـهشيـان بـهكـارهێنـاوه :( **الضمان، التضمين، الغرامة، التغريم** ) لـه بری مانای ووشهی (**المسئولية**) بـهرپرسيارێتـی كـهسێك كـهوا كارێك واجب بوبێت بـهسـهريـهوه وكـهم تـهرخـهمـی كردبێ لـه جێ بـهجێكردنـی يان بـههۆيـهوه زيانـی گـهیـاندبێ بـهكـهسێك يان سـهروهت وسامان ونـهفسی كـهسێكی فـهوتانبێ، ئـهو لـهم حالـّهتانـهدا ضـهمانـی ئـهو فـهوتانـهدا دهكات يان بـهجێبـهجێكردنـی (**حهد**) يان ( **قصاص** )يان ( **تعزير** ) يان ( **تعويض** ) كردن.

ئيبن حـهزم ڕهحمـهتـی خوای لـێ بێت دهڵێت: " **فلا يحل إلزام أحد غرامة لم يوجبها نص أو إجماع فوجب أن لا ضمان في شيء من ذلك**" ( بڕوانـه[ المحلـی لابن حزم الظاهري بـهرگـی(١١) لاپـهڕه (١٩٢)].

واتا: نـابێت هيـچ كـهسێك نـاچار بكرێت بـه سـهپانـدنـی زهرهر لـهسـهری بـه بێ بونـی دهق و ئيجماع، بۆيـه واجب دهبێت كـهوا هيـچ دهستـهبـهری وزهمانـهتێك نيـه لـهسـهر ئـهو شتانـه.

وە مانای بەرپرسیارێتی لە فیقهی ئیسلامیدا تەنها بریتیە نیە لە گەیاندی سزا بەو کەسەی کارێکی ناشەرعی ئەنجامداوە، یان زەرەر وزیانی گەیاندبێتە کەسێکی تر، بەڵکو ماناکەی فراوانترە وە هەمو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا ئەمانەتێکان لەسەر شانە وکەمتەرخەمی دەکەن لە پاراستن وهەڵگرتنی، یان فەوتاندنی هەر کارێکیان پێ راسپاردبێت وببێتە مایەی پرسیار و موحاسەبە کردنی بە هۆیەوە.

سەرچاوە:

١ -(تەفسیری پوختەی قورئان).

٢ -کتێبی مسئولیة الراعی فی الفقە الإسلامی، دکتۆر وفاء غنیمی محمد غنیمی.